

# کاریگەری بوونی منداڵ لەژیانی هاوسەران

ئا/ بەهرە سدیق

**منداڵ هەرچەندە دڵخۆشکەرە بۆ دایکان و باوکان و بناغەی پتەوکردنی پێوەندی لەنێوانیانە بەڵام لەهەمان کاتتدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێوەندی تایبەت لەنێوان ژن ومێردا. جاری واهەیە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوەو لێك جیابوونەوەیان ئایا ئەمە لەبەر چییە؟**

### بایەخنەدان بەپیاو دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لەهێنانی ژنی دووەم

مەلا جەعفەر گوانی دەڵێت»ژن ومێرد تەواوکەری یەکترن و کۆڵەگەی خێزانن، بۆیەمنداڵ هەبێ یان نەبێ کێشەیان هەبێ یان نەبێ پێویستە ئەو خۆشەویستیەی کە لەنێوان ژن ومێرد هەیە بەردەوام بێ، چونکە ئەگەر خۆشەویستی بەردەوام نەبوو ئەوکات ئەگەر منداڵیش نەبێ کێشە دروست دەبێ بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێت» باشترین ئافرەت کەبۆ پیاو باشە ئەو ئافرەتەیە کاتێك مێردەکەی تەماشای دەکات دڵی خۆش بکات و شادمانی بکات» بۆیە لەڕووی ئایینیەوە پێویستە هەردووکیان ڕێز لێگرتن و مافدانی یەکیان لەبەر چاو بێت، هەرچەندە ئێمە دەزانین کاتێك منداڵ بوو ئەو خۆشەویستیەو ئەو گرنگیدانە کەم دەبێتەوە چونکە کەسی سێیەم کە منداڵە ئەو دێتە گۆڕێ، بۆیەدەبینین ئێمە لەلیژنەی فتوادا زۆربەی ئەو کێشانەی دێتە پێشمان ئەوەیەکە ئافرەتەکەو پیاوەکە هیچ عەیبێکیان نەبووە بەڵام ئافرەتەکە مێردەکەی پشتگوێ خستووە. لەڕووی خۆجوان کردن و بۆن خۆش کردن پیاوەکە بیری لەوە کردۆتەوە درەنگتر گەڕاوەتەوەماڵ و چووە بۆسەرجێی، هێنانی ژنی دووەم بۆیە لەڕووی ئایینیەوە دەبێ هەردوولا هەرچەندەبەهۆی منداڵەوە قۆناغەکە دەگۆڕێ بەڵام پێویستە نەگاتە ئیهمال کردن،بوونی منداڵ بێشك کاریگەریی هەیە،ئەگەر دایەنگەو ئەوشتانەی تایبەت بە منداڵ نەبێ ئەوا ئەرکی ئافرەتەکە قورستر دەبێ، بۆیە بە باوەڕی ئێمە دووسەری هەیە کاتێك ئەگەر منداڵ هەبێ ئەوا پێوەندی نێوانیان پتەوتر دەبێ.

### ئافرەتان پێیان وایە خۆیان دەور دەبینن لەڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ژن و پیاو

گولیزار محەمەد ئافرەتێکی تەمەن ٢٦ساڵە خاوەنی یەك منداڵ وتی »ئافرەتەکە خۆی دەور دەبینێ لەڕاگرتنی هاوسەنگی و گرنگیدان لەنێوان منداڵ و هاوسەرەکەی بەڵام لەکاتی زۆر مەشغولی ئەوا ناتوانم حەقی تەواو بەهەردووکیان بدەم بەڵام لەسەر ژن و مێردەکە دەوەستێ بۆنموونە کە سەرەتا منداڵەکە لەدایك دەبێت ئەوا ئافرەتەکە زۆر زۆر سەرقاڵ دەبێ و بێگومان ئەو کات ناتوانێ گرنگی پێشووتر بەمێردەکەی بدات جاری واش هەیە بەپێچەوانەوە پیاوەکە زۆرجار بەشێوەیەکی وا بەمنداڵەکەوە پەیوەست دەبێت کە ئاگای لەمن نامێنێ بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین ئەم ئیهمالییە نەمێنێ، ئەو کاتانەی ئەو لەدەوامە ئەوا هەموو کاتم بۆ منداڵەکە دەبێت کاتێك کە دەگەڕێتەوە حەقی خۆی دەدەمێ»

### خۆم بەکەم تەرخەم دەزانم بەرامبەر بەهاوسەرەکەم

هاناعوسمان ئافرەتێکی تەمەن ٢٥ ساڵە خاوەنی ٢ منداڵ وتی »دوای هاوسەرگیری لەبەر ئەوەی منداڵەکان شەوانە دەگریێن و ماندووبوونیان دەوێ ئەوا مێردم ناچارە لە ژوورێکی تر بنوێ و من ناهێڵم بێتە لام. خۆم کەمتەرخەمم و هیچ ئاگام لە مێردەکەم نییە بێگومان وەك پێشتر نەماوم و وەك ئافرەتێك ناتوانم گرنگی بەمێردەکەم بدەم، بەگشتیش ژنی کورد دوای منداڵ بوون تووشی نەخۆشی و کێشە دەبێت .

### دەروون ناسان پێیان وایە بوونی پلان گرنگە بۆ هێنانی منداڵ

کەریم شەریف قەرەچەتانی دەڵێت» ناتوانین گشتاندن وەك توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەین ئەوا لەوانەیە لە ئەنجامدا ژمارەیەك لەئافرەتان دەردەچن کەمتەرخەمن و مێردەکانیان پشتگوێ دەخەن و کێشەیان بۆدروست دەبێت.

بۆیە باشترین شت ئەوەیە کاتێك ئافرەت شوو دەکات و پیاو ژن دەهێنێت پێویستە لەبەر ئەوەی زیاتر پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر شانی ئافرەتە بۆیە دەبێ لەگەڵ مێردەکەی ڕێك بکەوێ بۆ نموونە نابێ ٥ تا ٦ منداڵ بەدوای یەك ببێت منداڵ بگات بە تەمەنی ٣ساڵی یان گەورەتر بتوانێ جەخت نەکاتە سەر دایکەکە ئینجا یەکێکی تر ببێ. بەڵام ئەگەر منداڵێکی ساڵێك بێ و یەکی تریش بەدوای دابێت وای لێ دێت بەس خەریکی منداڵەکانی بێت. ئەمەش وای لێ دێت هاوسەرەکەی هەست بەبۆشاییەك دەکات و خیانەتی زەوجی و هەندێ شتی لابەلای لێ دەبێتەوە وەك دڵپیسی و لێك جیابوونەوە بۆیە پێویستە یەکەم: شت ژن و پیاو پلان دابنێن تامنداڵێکیان بگاتە تەمەنێکی گونجاو ئینجا یەکی تر ببێ؛ چارەسەرێکی تریش ئەوەیە دەبێ ئافرەتەکە هاوسەنگی رابگرێ کاتێ مێردەکەی لەدەرەوە دەبێ ئیشی ناو ماڵ و چێشتخانە بکات و کەئەویش گەڕایەوە کاتێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکات، ئەگەر ئەویش ئیش بکات دەبێ پیاوەکەش هاوکاری ئەو بکات و پێویستە لەهەموو شتێ هاوکاری یەکتر بکەن بۆنموونە قاپ شوشتنێکە یان غەسالە پێکردنێکەو پاشان پێویستە جەدوەلێك دابنێن بەیەکەوەبن لەکاتێکدا منداڵەکە نووستوە یان لەدەرەوەیە یان لەقوتابخانەیە»

منداڵ نەوەی ئێستای خێزان و جیلی داهاتووی کۆمەڵگەن، خاوەن جیهانێکی تایبەت بەخۆیانن لەبەرئەوەی زۆر هەستیارن و بەپێی ڕاوبۆچوونی زانایانیش دەبێت هەستیارانەو هۆشیارانە مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت تا لەدواجاردا نەبنە سەرچاوەی پەشیمانی و نەبنە زیادەیەك لە کۆمەڵگەدا بەڵکو لەو جۆرە مرۆڤانەبن کە ئەرکی داهاتووی کۆمەڵگەیان پێبسپێرێت،کەواتە بابزانین بەشێك لە خانەوادەکان چۆن مامەڵەی ڕاستگۆیی و بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم جیهانە ناسك و گرنگەدا دەکەن.

# درۆکردن، چارەنووسی منداڵەکەت بەکوێ دەگەیەنێت

ئا/ئەمەل محەمەد جەلال

**« بۆت دەردەکەوێت ئەو درۆیەی لەگەڵیدا کردوتە زیانی زۆری پێ گەیاندووە»**

وادەزانم منداڵ هەموو ژیانی منەو بەبێ منداڵەکانم ناتوانم هەناسەیەکی خۆش هەڵمژم، بەڵام کاتێك درۆیەکیشم لەگەڵداکردون واهەستم کردووە لەبەرژەوەندی ئەوان ئەو درۆیەم کردووە بەڵام پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بۆم دەرکەوتووە کە ئەو درۆیەی لەگەڵیدا کردومە زیانی زۆری بەمناڵەکەو بەخۆشم گەیاندووە، ئەمە وتەی ئەوین ئەحمەد جەباری مامۆستای زمانی کوردی بوو،هەروەها باوەڕیشی وابوو کە هیچ دایك و باوکێك بیر لەوە نەکاتەوە کە درۆو چاوبەستەکی لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات.

**«مرۆڤی هۆشیار زوو فریای خۆی و منداڵەکانی دەکەوێت»**

لێتناشارمەوە ئێمەی باوکان ستەم لە منداڵەکانمان دەکەین و لەڕێگەی درۆکردنەوە دەمانەوێت منداڵەکانمان ڕازی بکەین خۆزگە وانەبوینایە بەڵام پێویستیمان بەهەوڵدانی زۆر هەیە تاکو خۆمان لەم کێشەیە رزگار دەکەین لەبەرئەوەی تەنیا مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت زوو فریای خۆی و منداڵەکانی بکەوێت، ئەمە وتەی نازم کەریم ئەبوبەکری تەمەن ٤٥ساڵی خاوەن ٣ منداڵە، پێشیوایە کە منالی ئێستا زۆر وریاو چاوکراوەیەو زوو هەست بەوە دەکات کە درۆی لەگەڵدادەکرێت یان نا بۆیە هەروەك کورد وتویەتی پەتی درۆ کورتە با ئیتر درۆیان لەگەڵدا نەکەین.

**«با منداڵەکەشت درۆت لەگەڵدا نەکات»**

لەبەردەمی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ویستم یەکێك لە قوتابیەکی منال بدوێنم لەسەر ئەوەی کە ئایا لەماڵەوە دایك و باوکیان بەڕاستگۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، چوار قوتابی پۆلی سێی بنەڕەتی لێم کۆبوونەوەو هەریەکەیان لەلای خۆیەوە وەڵامی دەدامەوە،کارزان وتی ئەگەر هەموو دایك و باوکێك وەکو ئەوانەی من بوونایە هیچ منالێك کێشەی نەدەبوو،دەروون وتی هەستدەکەم جارجار دایکم درۆم لەگەڵ دەکات بەڵام دڵیشم نایە پێی بڵێم کە بۆچی وایەو زوو زووش باوکم بەدایکم دەڵێت درۆ لەگەڵ منداڵەکان مەکە،محەمەدیش خۆی پێنەگیراو وتی ئەگەر دایکم یان باوکم درۆم لەگەڵدا بکات ئەوا منیش درۆیان لەگەڵدا دەکەم.

**«خەرمانی تەمەنت مەسووتێنە»**

منال وەکو لاپەرەیەکی سپی وایە چی لەسەربنووسیت ئەوە دەردەچێت و چ وێنەیەکیشی لەسەر بکێشیت ئەو وێنەیە دەردەکەوێت بۆیە بەهەموو کەسێکی خەمخۆر بۆ منداڵەکانی دەڵێم کە منال بەرهەم و ڕەنجی چەندین ساڵەی ئەوانەو بەهۆی درۆکردن و هەندێك ناڕاستییەوە ئەو خەرمان و بەرهەمەیان نەسووتێنن، ئەمە بۆچوونی لوقمان سدیق عارفی توێژەری کۆمەڵایەتییە کە لەڕێگەی ئیمێڵەوە سەرنجی خۆی پێووتین، باوەڕیشی وابوو کە لەوانەیە تەنیا دایك و باوك نەبن درۆ لەگەڵ منال بکەن بەڵکو کەسانی دەرەوە و هاوڕێکانیشی درۆی لەگەڵدا بکەن بەڵام دەبێت دایك و باوك و خوشك و براکانیان ئەو بۆشاییەی خەڵکی دەرەوەشیان بۆ پڕبکەنەوە چونکە کە منالیش گەیشتە ئەو قۆناغەی ئەویش درۆ بکات ئیتر کێشەکە کەمێك ئالۆزتر دەبێت.

**« باشترین ڕێگە ڕاستگۆییتە»**

منال جیهان و ژیانێکی تایبەتی هەیە نابێت بەهۆی درۆکردنەوە ژیانی منالێتی لێبستێنینەوەو کارێکی وانەکەین ئەو شتەی کە ناتوانین بۆی دابین بکەین لەڕێگەی هۆکاری ناتەندروستەوە چارەسەری بۆبکەین، چونکە ئەگەر ئێستاش لەداوایەکی منداڵەکەت خۆت رزگارکرد ئەوا سبەی ناتوانیت، بۆیە باشترین ڕێگەی پەروەردەو دۆستایەتیکردنی منداڵەکەت ئەوەیە کە زۆر لەگەڵیدا ڕاستگۆبیت، ئەمە وتەی سەبریە عومەر فاروقی مامۆستای زیندەوەرزانی بوو.





## ئافرەتێک دەبێتە قوربانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە لەنێوان دوو بنەماڵە هەبوو، ئافرەتێک بەناوی (س.ت) بەگوللە زامدار دەکرێت و دواتر گیانی لەدەست دا.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند» بنکەی پۆلیسی خەبات ئاگادار کرایەوە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە لەنێوان دوو بنەماڵە دوای ئەوەی پۆلیس گەیشتە شوێنەکە ئەو لایانەی تەقەیان کردبوو دەستگیر کرابوون لە بنکەی پۆلیس و ئەو کات کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوانیان نەمابوو، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی پۆلیس شوێنی کێشەکەی جێهێشتبوو دووبارە کێشەیان دروست کردبۆوە و بەگژ یەکداچووبوون، لەئەنجامدا ئافرەتێك بەناوی (س،ت) بە گوللە زامداربوو و بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا ئێستاش پۆلیس لە لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

## دوای شکاندنی ٢٧



ماوەیەك بەر لەئێستا چەند دوکانیك لەناو شاری هەولێر شکێنران و هەرجارێك ئەم کارە بە شێوازێکی جیا دەکرا ئەمەش هاووڵاتیانی بێزار کرد بوو، لەم بارەیەوە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند: بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە نووسینگەی ناوەڕاست چەند مەفرەزەیەکیان لەشوێنە گشتی و تایبەتەکان دەرکردو بەوردی چاودێری ناوچەکەیان کرد، ئەوە بوو شەوێکیان توانرا لە نزیك باڵەخانەی شرق الاوسط تاوانبارێك دەستگیر بکرێت کە بە نیاز بوو دوکانێکی مۆبایل بشکێنی، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد تاوانبار (د،ع)






## لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا هاووڵاتییەک گیانی لەدەستدەدا

بەهۆی پابەند نەبوون بەبنەماکانی هاتووچۆ هاووڵاتییەك گیان لەدەست دەدات، یەکێکیش بە سەختی بریندار دەبێت .


ڕۆژی ٢٠١١/ ٥/٢ لە نزیك گوندی دەربەندی گۆمەسپان ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوویدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری کیا لەپشتەوە خۆی لەتراکتۆرێك دابوو، لە ئەنجامدا شوفێری ئۆتۆمبێلی کیا بە ناوی( محەمەد خەلیل ) گیانی لەدەستدا. شوفێری تراکتۆرەکە بە ناوی( هیمداد هێنی فەتاح) لەبەر خراپی باری تەندروستی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا، بەگوێرەی ماددەی ٢٤ هاتووچۆ دادوەری لێکۆڵینەوە سزای شوفێری تراکتۆرەکەدا.


## دوو بەدگومان

لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر دوو کەس گومانیان لێدەکرا بەوەی دزن و خەریکی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکن، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن: ڕۆژی ٢٠١١/٥/٩ لە نووسینگەی ناوەڕاست بۆ نەهێشتنی تاوان ئاگادار کراینەوە کە لە یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری هەولێر گومانیان لە دوو کەس هەبووە، بۆیە دەستبەجێ مەفرەزەیەکیان بۆ شوێنەکە نارد دوای چاودێری کردن دەرکەوت ئەو دوو کەسە بەڕەگەز ئێرانین خەریکی فرتوفێڵن لەخاوەن دوکانەکان، نووسینگەی نەهێشتنی تاوان توانی ئەو دوو کەسە دەستگیر




# دوكان دەستگیركرا






كە پیشەی وەستای كاشیەو لە دایكبووی ساڵی ١٩٩٣ دانی بە تاوانەكەی نا و ئاشكرای كرد كە تا ئێستا هەستاوە بە شكاندنی ٢٧ دوكانی تر، بۆ ئەم مەبەستەش بەرۆژ چاودێری ئەو شوێنانەی كردووە كە دزی لێكردوە، هەروەها لەكاتی لێكۆڵینەوە دانی بەوەدا نا كە تاوانبارێكی تریشی لەگەڵدا بووە بەناوی (ر،م) ئەویش پێشەی كاسبە لە ٥ دزی لەگەڵیدا بەشداریكردووە، بۆیە دادوەری لێكۆڵینەوە بەگوێرەی مادەی ٤٤٣ لە یاسای سزادانی عیراقی بڕیاری بەندكردنیدا بەم زووانەش لێكۆڵینەوە تەواو دەبێت و دەدرێتە دادگا.

# دەستگیر كران




بكات كە لەبەردەم دوكاندارەكە پارە دەدزن، هەر لەو كاتەی كە دەستگیر كران بڕی ١٧٠٠ دۆلاریان لە خاوەن دوكانێك بردبوو و خاوەن دووكانەكە ئاگادار نەبوو، بەڵام دوای دەستگیر كردنی ئنجا زانی دزیی لێكراوە، هەروەها دانیان بەوە نا كە تاوانێكی تریان ئەنجامداوە كاتێك لەڕێگای سلێمانی و هاتوونە هەولێر و لە دوكانێكی كارەبا لە هەولێر بڕی ٣٠٠دۆلاریان دزیوە، بۆیە ئێمەش چاوەڕێ دەكەین خاوەن دوكانەكان بێن و سكاڵایان لەدژی بنووسن بۆ ئەوەی بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان دادوەری لێكۆڵینەوە سزایان بەسەردا بسەپێنێت.



# منداڵێک لە سەربان كەوت و گیانی لە دەستدا

لەرۆژی ٢٠١١/٥/٨ منداڵێكی تەمەن دوو ساڵ لەسەربانی ماڵی خۆیان بەردەبێتەوە و دەستبەجێ گیان لەدەست دەدا.

سەبارەت بەم ڕووداوە سەرچاوەیەك لە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس هەولێر بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند» لە ٢٠١١/٥/٨ بنكەی پۆلیسی شادی ئاگادار كراینەوە لە نەخۆشخانەی فریاكەوتن لە ڕووداوێكدا منداڵێك لەگەڕەكی بەهاری كۆن بە ناوی «ئومێد خەلیل ڕەسول» كە تەمەنی تەنیا دوو ساڵانە لەسەربان كەوتۆتە خوارەوە دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە، بەڵام تا ئێستا هۆكار و چۆنییەتی كەوتنە خوارەوەی ئەم منداڵە دیارو ئاشكرا نییە، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلیس دەستی بەلێكۆڵینەوەی خۆی كردووەو بەردەوامە بۆ ئەوەی هۆكاری كەوتنە خوارەوە ئەو منداڵە بە تەواوی بزانرێت.



# لە هەولێر كوڕێكی چینی سكاڵا لەسەر دایكی تۆمار دەكا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس هەولێر پێی ڕاگەیاندین لە ڕێكەوتی ٢٠١١/٥/٦ لە بنكەی پۆلیسی عەینكاوە دادخوازێك بە ناوی (سۆنگ یانگ سۆنگ وای سینگ یایس) كە كوڕێكی دانیشتووی شارۆچكەی عەینكاوەیەو بە ڕەگەز چینییە خێزاندارە خاوەن سوپەرماركێتە سكاڵای لەدژی دایكی تۆماركردووە بەناوی (یانگ چۆسی) گوایە چەندین كەلوپەلی لەلای هاوڕێیەكی داناوە بە بێ ئاگاداری ئەوكەلوپەلەكانی بردووە دۆسیەی لێكۆڵینەوەی بۆ ڕێكخراوە بۆ ئەوەی كێشەیەكیان چارەسەر بكرێت..

# ژنان داوا دەکەن حکومەت

ئا/ ساڵە سلێمان

**ئەو پارچە زەوییە بووە هۆی ئەوەی هاوسەرەکەم ژنم بەسەربێنێت**

(و،ن) ئافرەتێکی تەمەن ٣٠ ساڵە، فەرمانبەرە لە قوتابخانەیەکی هەولێر، خاوەنی دوو منداڵە، ماوەی ٥ ساڵە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە کە تائێستاشی لەگەڵدابێت خاوەن هیچ موڵکێك نییە، ئەو ئافرەتە دەڵێت» پێش ئەوەی لە هاوسەرەکەم جیا ببمەوە لەلایان حکومەتەوە پارچە زەوییەکیان بەمێردەکەمدا، بەڵام ئەو زەوییە بەناوی ئەوەوە بوو، کاتێك کە لێی جیابوومەوە خاوەنی هیچ موڵکێك نەبووم. ئەگەر ئەو کات ئەو پارچە زەوییە بەناوی من بکرابوایە ئێستا من بۆ خۆم و منداڵەکانم سوودمان لێوە دەبینی، بەڵام بەداخەوە من تا ئەمرۆش خاوەنی هیچ موڵکێك نیمە».

(د،ر) ئافرەتێکی فەرمانبەرە لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کار دەکات کە ٢ ساڵە لە پیاوەکەی جیابۆتەوە، منداڵێکی تەمەن ٣ ساڵانی هەیە، ئێستا لەگەڵ ماڵی باوکی ژیان بەسەر دەبات و دەڵێت» ئەو پارچە زەوییەی کە حکومەت بە هاوسەرەکەمیدا فرۆشتی و ژنێکی تری پێهێنا، بۆیە من رازی نەبووم کە ژنی دووەمم بەسەر بێنێت، داوای جیابوونەوەم کرد، هەرچی بۆ منی کردبوو بۆم گەڕاندەوە کەچی ئێستاش خاوەن هیچ موڵکێك نیم»

**پێویستە حکومەت یاسای نوێ دەربکات**

هیوا باجەلان ئابووریناس دەڵێت» ئەگەر پارێزگاری لە ڕۆڵی ئەو ژنەی کە هاوشانی پیاوەکەی بەشدار بووە لەپێکهینانی سەروەت وسامانی خێزان دوا جار بەهۆی لێکترازان ودابڕان ژنەکە بەجیابوونەوە لەهاوکێشەکەدا دێتە دەرەوە ئەوا جۆریك لە کەموکوڕی یاسایی باری کەسییەتی دەردەخات و پێویستە گۆڕانکاری بکرێت بەبڕوای من پێویستە چارەسەر بۆ ئەو دیاردەو هۆکارانە بکرێ کەدەبنەهۆی سەرهەڵدانی لێکترازانەکە، ئەویش بەدەرکردنی یاساو ڕێنمایی تازە کە لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێت، لەلایەکی دیکەوە بەدەر لە یاساو هەنگاوەکانی حکومەت پێویستە شێوازی هاوسەرگیری لەئەزموونی کۆمەڵایەتیدا سەر لەنوی بەفۆرمێکی تازەوە بێتەئاراوە واتە دەبێ کچان بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە لەکاتی پێکهێنانی هاوسەرگیری لە جیاتی هاوسەنگی کردنی خۆی بەچەند مسقاڵێك زێڕ باشترە هاوبەشی بکات لە دابینکردنی ماڵ و پێکهاتەی قۆناغی تازەی ژیان واتە بەرپرسیاریەتی هاوبەش، تا لەئەنجامی ئەوگۆڕانکارییەوە بتوانێ وەك مافی ڕەوای خۆی لەگرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ بەرامبەرەکەی ڕێکبکەون و هەرچی ماڵ و داهاتی جێگیرو بگۆڕ (اموال منقوله وغیر منقوله) یان هەیەو لەداهاتوو دەستیان دەکەوێ بە بەندێك لەگرێبەستی هاوسەرگیری بەشێوەی هاوبەشی وهاومافی تۆماری بکەن، کە ئەو شێوازە لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپادا باوە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ژن بە ڕێژەکی بەرچاو لەکارکردن بەشدارن لەپرۆسەی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا، لێرەوە دەردەکەوێ ئەو حاڵەتە هێندەی پێوەندی بەسیستمی وڵاتەوە هەیە، هێندەش پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و هاتنەپێشی ژنان لەوبوارەو سڵ نەکردنە لەبەرپرسیاریەتی بەشداری کردن نەك خۆخزاندنە نیو بازنەی دیاری کردنی نرخ لەسەرخۆ»پیویستە لەسەر حکومەت لەپڕۆسەی چاکسازی بوارێك بۆئەم بابەتە تەرخان بکات، زۆر باشترە لیژنەیەکی یاسایی پێك بهێندرێت و راوێژبکات بەو ژنانەی شارەزان لەبواری ئابووری . هەروەها لێکۆڵینەوە بکات لە سە ر کە یسی



**تائێستا بیرمان لە دەرکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە نەکردۆتەوە، بەڵام ئێمە کاتمان لەبەردەست ماوە**

**بۆ پاراستنی خێزان و هێشتنەوەی بناغەی خێزان پێویستە حکومەت بە هەموو جۆرێك هەوڵبدات پشتگیری لەمافەکانی ئافرەتان بکات، هەبوونی بڕیارێك یان یاسایەك تا ئەو موڵکەی حکومەت بە فەرمانبەرانی دەدات بخرێتە سەرناوی ئافرەتەکە ئەمەش بۆ پاراستنی خێزان و کەمبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.**

# زەوی و موڵکیان بەناو بکەن

هەڵوەشاندنەوەی خێزان تا لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ژمارەو داتا ئامادە بکرێت، ئینجا لەوێوە ڕێڕەو بگرێت و بەرنامەسازی بکرێت و هەندێك هەنگاو بهاوێژرێت بۆ زەمینەسازی بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەوکێشانە.

**پێویستە پەرلەمان یاسایەکی لەو جۆرە دەربکات**

دادوەر عەبدولباست فەرهادی دەڵێت»لە ڕووی یاساییەوە ئاساییە ئافرەت خاوەن موڵکی خۆی بێت، ئەو موڵکەی کە حکومەت بەژن و پیاوێکی دەدات ئەوە دەکەوێتە سەر ئارەزووی خۆیان کە ژنەکە یان پیاوکە ئازادن بەناوی هەر یەکێکیان بێت، بەڵام دەکرێت پەرلەمانی کوردستان هەستێت بەدەرکردنی یاسایەکی لەو جۆرە ئەو کات ئەگەر یاسایەکی لەو جۆرەش هەبێت نابێتە گرەنتیەك بۆئەوەی ڕێژەی تەڵاق کەم ببێتەوە، چونکە ئەگەر ژن و پیاوێك گەیشتنە ئەو بڕیارەی جیاببنەوە باوەڕناکەم ئەوە ببێتە هۆکارێك کە پەشیمان ببنەوە لەبڕیارەکەیان، بەڵام پێویستە پەرلەمان بڕیارێکی لەو جۆرە دەربکات کە لە بەرژەوەندی ژن بێت».

**ئەو جۆرە یاسایە بە مەبەستێکی ڕاستەقینە خزمەتی ژن دەکات**

ڕەمزیە عبدولوەهاب چالاکوانی بواری ژنان دەڵێت» پێویستە لیژنەی ژنانی پەرلەمان هەستێت بەدەرکردنی جۆرە یاسایەکی لەو جۆرە ئەگەر بێتو یاسایەکی لەو جۆرە لەکوردستان هەبێت. دەتوانم بڵێم خزمەت کردنی ژنە بەمەبەستێکی ڕاستەقینە، چونکە ئەگەر ئێمە شیکردنەوەیەك بۆ ئەو بابەتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوە لە بەرژەوەندی مانەوەی بناغەی خێزانە «ئەگەر بێتو دایك و باوکێك لەلایان حکومەتەوە مووچەخۆر بن و خاوەن منداڵ بن، پارەی منداڵەکە دەخرێتە سەر مووچەی باوك واتە (زوجیە) لەو باریەوە ڕەمزیە دەڵێت» ڕەوا نییە پارەی منداڵان بکەوێتە سەر مووچەی باوك ڕاستە بەزۆر نییە دەکرێت بخرێتە سەر ناوی ئافرەتەکەش، بەڵام پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو بڕە پارەیە حەقی دایکەو هەر لە سەرەتاوە بخرێتە سەرناوی ئافرەتەکە باشترە».

**پشتگیری لە جۆرە یاسایەکی وا دەکەین**

گەشە دارا سەرۆکی دەستەی لیژنەی ژنانی پەرلەمان دەڵێت» تائێستا بیرمان لە دەرکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە نەکردۆتەوە بەڵام ئێمە کاتمان لەبەر دەست ماوە، دەکرێت لەداهاتوودا کاری لەسەر بکەین، ئەگەرچی ئەو بڕە پارەیەی کە دەدرێتە فەرمانبەری دایك و باوك بە ئارەزووی خۆیانە بکەوێتە سەرناوی هەر یەکێکیان. بێگومان خۆی لە بنەڕەتدا پێویستە ئەو پارەیە لەسەر مووچەی دایکەکە بێت بۆیە ئەگەر پرۆژە یاسایەکی لەو جۆرە هەبێت هەم بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە بگەڕێتەوە سەر مووچەی دایکەکەو ئەو موڵکەی حکومەتیش دەیدات بەناوی ژنەکەوە بکرێت ئەوە من وەکو خۆم پشتگیری دەکەم و بەخزمەت کردنی ژنانی دەزانم».



**ئەگەر ئەو کات ئەو پارچە زەوییە بەناوی من بکرابوایە ئێستا من بۆ خۆم و منداڵەکانم سوودمان لێوە دەبینی**